کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
9-5-2007 23:13بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## سەردانی سەرۆکی هەرێم و.... تیرۆریستان.. !! حەسەن سەید باقی

ئەگەر چاوێك بەمێژووی خەبات و تێکۆشانی گەلی کوردا بخشێنین، دەبینین ئەمرۆ لەهەموو کات زیاتر پرۆسەکەی بەشێوازێکی دیموکراتی و هێمنانە چووەتە پێش، ووشیارانە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. ئەمرۆ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا کوردو کێشەکەی رۆڵێکی بەرچاوو گرنگیان پێدراوە. هەروەك ئەوەی لەسەردان وگوتارەکانی سەرۆکی هەرێمدا دەیبینین و دەیبیسین.

لەسەردانی ئەمجارەی بەڕێز بارزانیدا و کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرانی یەکێتی ئەوروپا، ئەو رۆڵەی کە بە بەڕێزیان درابوو بۆ خودی خۆی وەڵامدەرە بە زۆر پرسیار، کە تا هەنووکە بێ وەڵام ماونەتەوە. ئەگەر بەووردی سەیری گوتاری بەڕێز بارزانی بکەین، وە هەڵوێستەیەکی واقیعیانەمان هەبێت، دەبینین هەڵوێستێکی نەتەوەیی و ووشیارانەی کوردانەی هەبووەو هەیە. چ لە ئاست بەشەکانی تری کوردستاندا بێت!، یان لەسەر کێشەی کەرکوك و فیدراڵیەت. کە بەڕاشکاوانە وەڵامدەر بوو بەو پرسیارانەی کە ئاڕاستەی کرا. بەڵێ ئەو بەڕێزە لەهەڵوێستی دیموکراتی و نەتەوەییەوە قسەوباسەکانی کردوو دژە تیرۆر هاتە ئاخافتن، وە ئاماژەی بە رۆڵی تێکدەرانەی دوژمنانی ناوخۆ دەرەکی دا. پێم وایە بۆیە ئەمرۆ تیرۆریستان، هەروەك پیشەی هەمیشە ڕووڕەشیان کە لە بۆسەدا بوون شاری قەڵاو منارە، شاری ئاشتی وژیانیان کردە ئامانجە چەپەڵەکەیان، منداڵ و ئافرەتان و هەژارانیان شەلالی خوێن کرد.

شەمشەمە کوێرەکان، دژی خۆشەویستی و مرۆڤن، دژی هەموو بەهایەکی مرۆڤایەتی ولایەنێکی جوانی ژیانن. کورد کوژو دژی مرۆڤایەتین. جارێکی تر ڕووی ڕەشی خۆیان ئاشکرا کردەوە، بوخزوو کینەی دەروونە نەخۆشەکەیان بەسەر شاری قەڵاو منارەدا هەڵڕشت..

بۆیە لەبەرە بەیانێکی ساماڵدا، لەکاتێکدا قوتابی بۆ قوتابخانەدەچێت، فەرمانبەر بۆ کاری خزمەتگوزاری دەڕوات، کرێکار بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان ملی رێگا دەگرێتەبەر. ئا لەوساتە وەختەدا، کە ئەویندار دەستە لەملانی خۆشەویستەکەی خۆی دەبێت، ئاسۆ لەپشت کەل سەردەردێنێت و مژدەی بەیانێکی نوێ و ئازادی دەبەخشێت. بەڵێ.. ئا لەو کاتەدا خوێنرێژەکان، ئەوانەی کە خۆشەویستی وژیان لایان تاوانە، ئەوانەی کە هیچ هەستێکی مرۆڤایەتیان نییە، ئەوانەی کە مرۆڤ نین ... بەڵێ... مرۆڤ نین!!دەروون نەخۆشن وخواردن و خۆراکیان خوێنی مرۆڤ و هەژارانی ئەم وڵاتەیە. لەشاری هۆلاکۆ بەزێندا، شاری خۆشەویستی و ژیاندا، شاری بەرەنگار بوونەوەی دوژمناندا، شاری پێکەوە ژیانی مرۆڤە جیاوازەکان لەئاین و ڕەگەزدا، هەستان بەکارێکی چەپەڵ. دەیانەوێت، وەڵامی سەرۆکی هەرێم، وگوتارەمرۆدۆستانەکەی، وە هەڵوێستی ئاشتیخوازانەی کوردو سەرکردایەتی بە ڕەشە کوژی و تاوان بدەنەوە. ئەوانە خەیاڵیان خاوە، مێژوومان بەخوێن نووسراوە.

ئەی مرۆدۆستان، ئەی ئەوانەی کە خەبات و بەرخۆدانتان کرد لە پێناوی ئازادی و ژیاندا، هەستنە سەرپێ و یەکگرن و دەنگی نارەزایەتیتان بە یەکگرتووی بەرز ڕاگرن دژی مرۆڤکوژان، دژی ئەوانەی کە نایەڵن ئارامی و ئاسایش لەم وڵاتەدا پیادە بێت. ئەوانەی کە دەروون نەخۆشن و دژی ئازادی وژیانن.

بەڵێ.. ئێمە ئەمرۆ لە هەموو کات زیاتر پێویستە یەکگرتوو بین، لە ووتاری سیاسی و هەڵوێستماندا بەرامبەر دوژمنانی ئازادی و خۆشەویستی. هەرکەس لە جێگەی خۆیەوە، دەبێت خۆی بەرپرسیار بزانێت بەرامبەر ئەم خاك و ئاوەو ستەمدیدەکانی، بەرامبەر پاراستنی سەروماڵی یەکتری، بەسە چیتر با ڕێگە نەدەین دوژمنان بخزێنە ناو ماڵی کوردەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

نەمری و سەرەبەرزی بۆ قوربانیانی ڕێگەی ئازادی و ژیان. نەمری بۆ ئەوانەی ئەمڕۆ بوونە قوربانی دەستی تیرۆریزمان. ڕیسوایی و ڕوو ڕەشی بۆ تیرۆرو تیرۆریستان، بۆ شەمشەمە کوێرەکانی دژی هەتاوی ئازادی.

ئەڵمانیا
2007 .05 .09

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.